لە شاری نەجەف دەست بەسەر نزیکەی یەک ملیۆن و نیو حەبی مادەی هەشبەردا گیرا



لە شاری نەجەف دەست بەسەر زیاتر لە یەک ملیۆن حەبی مادەی هەشبەردا گیرا.

دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی عێراق ڕایگەیاند، لە شاری نەجەف یەک ملیۆن و 400 هەزار حەبی مادەی هەشبەر دەستیان بەسەرداگیرا، کە لەناو قوماشی ئافرەتاندا شاردرابوونەوە.

دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی عێراق ڕوونیشیکردەوە، "ئەو حەب و مادە هەشبەرانەی کە شاردرابوونەوە، قاچاخچییەکان بۆنیازبوون بۆ ناوچەکانی دیکەی ڕەوانەی بکەن".

سەبارەت بە جۆری ئەو حەبانە، لە جۆری کەپتاگۆن بوون و لایەنگەی کەمپانیاکانی تایبەت بە گواستنەوەی کەلوپەل هێناونەتە عێراق.